دەستپێکردنی کارکانی پێنج نەخۆشخانە لەچێند پارێزگایێک راگەیێنرا

محەمەد شیاع سودانی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانەئەمڕۆ پێنجشەممە، بە شێوەیێکی فەرمی دەستپێکردنی کارکانی پێنج نەخۆشخانەی نوێی لەچێند پارێزگایێک ڕاگەیاند.

لە ڕاگەیێندراوێکی نووسینگەی ڕاگەیاندنی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیراندا هاتووە : سەرۆک وەزیران لە ڕێگەی ڤیدیۆ کۆنفرانسەوە فەرمانیدا بە دەستپێکردن و کارکردن بە دروستکردن و تەواو کردنی پێنج نەخۆشخانە لە چوار چێوەی پلانی دروستکردنی 16 نەخۆشخانە لە سەرانسەری عێراقدا، بە توانای 100 قەرەوێڵە.

هەر بەگوێرەی ڕاگەیێندراوەکە : ئەو پێنج نەخۆشخانەیەی کە کاری دروستکردنیان دەست پێدەکرێت ئەم شوێنانە دەگرێتەوە :

1- قەزای تلکێف لە پارێزگای نێنەوا.

2-قەزای بەجی لە پارێزگای سەلاحەدین.

3- ناحیەی سەدەی هیندیە لە پارێزگای بابل.

4- قەزای جەدوەلی غەربی لە پارێزگای کەربەلای پیرۆز.

5- قەزای سوقی شیوخ لە پارێزگای زیقار.

ئەم هەنگاوە لە چوارچێوەی هەوڵەکانی حکومەتی عێراقە بۆ باشترکردنی خزمەتگوزارییە تەندروستییەکان و دابینکردنی چاودێری پزیشکی باشتر بۆ هاووڵاتیان لە ناوچە جیاوازەکانی وڵاتدا. پێشبینی دەکرێت ئەم نەخۆشخانانە ڕێکی گرنگ لە کەمکردنەوەی فشاری سەر دامەزراوە تەندروستییەکانی ئێستا و باشترکردنی خزمەتگوزارییە پزیشکییەکان بگەن.